کورد وئەمریکا لەسەر پەیوەستیی و گرنگیی دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نەوتی هەرێم هاوڕا دەبن



هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکا هاوڕا بوون لەسەر پەیوەستیی و گرنگیی دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

پێگەی فەرمی سەرکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوەکدا کەموتێع بەدواداچوونی بە کردووە بۆ ویکردنەوە، ئەمە هەینی مەسرور بارزانی سەرکی، حکومەتی هەرێم و مارکە ئەبیە، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە تەلەفۆن قسەیان کرد و وەای تاوتوێکردنی دوایین گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە، جەختیشیان لە بەهێزکردنی پەیوەندیی دولایەنە کردەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە پەیوەندییەکدا، هەردولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگیی بەهێزکردن و پتەوکردنی دەستایەتی و هاوپەیمانیی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەگوترەی ڕاگەیەندراوەکە، لە بەشێکی دیکەی پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا، سەرکی حکومەت و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هاوڕا بوون لەسەر پەیوەستیی و گرنگیی دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکی.

لایخەیەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سوپاس و پێزانینی وەاتەکی بە هەرێمی کوردستان دەربڕی کە بونە

پەناگەیەکی ئارام بۆ پاراستنی گشت پەکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان و □□□□کی گرنگیشی لە پاراستنی سەقامگیریی و ئاسایشی ناوچەکەدا هەیە.

بگوڕی راگەیندراوەکە، هەردولا □□ککوتن لەسەر ئاوی لە پێوەندیی و هاوئاهەنگیی بەردەوامدا بن لە پەناو پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەش.